# دژ بە زەبری مێتۆد

ئاوڕدانەوەێ لە تێگەیشتنی ئەنارکیستی **پۆل فایرەبەند** لە زانست لەمیانەی کتێبی" " دژ بە مێتۆد" "ەکەیەوە

**ئازاد حەمە**

## بەشی یەکەم

**ڕوونکردنەوەێ لە شێوەی دەروازە**

بەپێی ئەو پۆلکردنەی لەبواری ئێپستمۆلۆژی ا(تیۆری زانین یان تیۆری زانست ) نوێدا هەیە یاخود کاتێ باس دێتەسەر تیۆری زانینی نوێ باس لە تێگەیشتنی سێ بیریاری زانستی دەکرێ کە ئەوانەش سێ فەیلەسوفی زانستین کە لەماوەی ئەم یەك دوو دەیەی دوایی مال ئاواییان لە سەدەی زانستی ڕۆژئاوا کرد. یەکەمیان کارل پۆپەر بوو, کە باوەڕێ زۆری بە ڕاسیۆنالیزم هەبوو, و ئەوانی دیش, کە پاش نەوەی ئەون, هەریەك لە تۆماس کۆهن و پۆل فایرەبەندن. ئەوی بە تۆماس کۆهنەوە تایبەتە ئەوەیە کە تیۆریزەکەرێ زانستی ئەنتی پۆزەتڤیستیە و بەرهەمهێنەری تیۆرێ زانینی(ئێپستمۆلۆژیاێ) نوێیە بەنێوی تیۆری پاڕادایم و, ئەوی دیش پۆل فایرەبەندە کە مێژووکردێ زانستی ئەنارکیستی نەمساوی ئەمەریکییە و شانبەشانی کۆهن و پۆپەر وەك ئەو فەیلەسوفانەی زانست تەماشادەکرێ کە تیۆری زانینی پۆزەتڤیزمی لۆژیکی ڕەتکردۆتەوە. ئەوی ئێمە لەم باسەدا دەیکەین ئەوەیە کە ئاوڕێ سنووردار لەوی سێهەم واتە لە تێگەیشتنەکانی پۆل فایرەبەند(1996-1924) دەدەینەوە و , بەتایبەت ئەو تێگەیشتنانەی سەرچاوە لە کتێبە ناودارەکەیەوە" " دژ بە مێتۆد, 1975 " " هەلدەگرێ.
ئاشکرایە کە فایرەبەند لە نووسینە فەلسەفییە زانستیەکانیدا دژ بە شەپۆلی شیکردنەوەی فەلسەفەی پۆزەتڤیزمی ڕۆژئاوا دەنووسێ و ڕەخنەێ زۆریش لە پیاوانی زانستی ڕۆژئاوا دەگرێ. بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفە زانستیە لەگەل گەلێ لە فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی, تۆماس کۆهن نەبێ, یەکناگرێتەوە. تۆماس کۆهن ,کە مێژووکردێ زانستی ئەمەریکییە, فایرەبەند ئاسا ڕەخنە لەلاێ ئاڕاستەی فەلسەفەی پۆزەتفیزم و زانستیی دەکا و لەلاێتر ئاڕاستەی ڕاسیۆنالی کارل پۆپەر دەکا. ئەمەو فایرەبەند لەگەل کۆهن و کەسانێ وەك لاکەتۆس و تۆلمین دەکرێ وەك ئەو پۆلە فەیلەسوفە زانستییە تەماشاکرێ کە پێیاندەووترێ نەوەی ***پاش پۆپەر***. بەواتاێ دی , فایرەبەند وەك فەیلەسوفێ زانستی و مێژووکردێ زانستی ***پۆست فەلسەفەی زانستی پۆپەر*** کاری بۆ ڕەخنەگرتن لە دیدی پۆزەتڤیزم بۆ مێتۆدی زانستی و ئیندوکتڤیزمی(ئیستدلال) پۆزەتڤیزم کردووە. بۆیە دوور لەگشت گومانێ دەکرێ بووترێ کە فایرەبەند هەروەك کۆهن لەپشت سەرهەلدانی ئەو تەوژمە فەلسەفیە زانستیەوەیە کە لەناوەندی شەستەکانەوە کار بۆ کەمکردنەوەی سیحری فەلسەفەی ڕاسیۆنالیزم و پۆژەتڤیزم دەکا.
لێرەوە دەمانەوێ بچینەناو تەماشاکردنە دژەگەراییە سەیرەکانی فایرەبەند بۆ مێتۆدی زانستی و داکۆکیکردنەکانی ئەم بیریارە لە ئەنارکیزم. بۆئەوەی ئەم کارەش بکەین بەپێویستی دەزانین گەشتێ بەناو هەندێ لە تەماشاکردنەکانی ئەم مێژووکردە زانستیە بکەین کە دەشێ لەم ڕووەوە تەنێ کتێبی " "دژ بە مێتۆد" " ە کەی بەسەرچاوە و تاکە ئارگومێنتێ وەرگیرێ, کە لە زۆربەی بەشەکانی فەلسەفەی تیۆری و تیۆری زانست لە ولاتانی ڕۆژئاوا ئاوڕیلێدەدرێتەوە.
لەم دەروازەیەدا ئەوەش دەلێین کە جگەلەو سێ فەیلەسوفی زانستەی مالئاواییان لە سەدەی بیستکرد فەیلەسوفێ زانستیتریش ئەمەی کرد کە هاوڕێێ نزدیکی فایرەبەندە کە ئەوەش ئیمری لاکاتۆسە کە فایرەبەند کتێبەکەی خۆی پێ پێشکەشکردووە.لاکاتۆس کە فەیلەسوفێ زانستی ڕاسیۆنالی هەنگاری ئینگلیزە دۆستێ نزدیکی نووسەری کتێبی " " دژ بە مێتۆد" "بووە. وەك لە سەرەتای کتێبەکەدا فایرەبەند بۆمان دەگێڕێتەوە کە بیرۆکەی ئەم کتێبەی ئەوکاتە لای دروستبووە کە هەندێ لە بۆچوونەکانی بۆ هاوڕێی خۆی ئیمری لاکاتۆس باسدەکا و ئەویش لەوەلامدا بە فایرەبەند دەلێ: بۆ ئەو بۆچوونانە ناکەی بە نووسینێ کە دواتر منیش(واتە لاکاتۆس) خوێندنەوەیەکی بۆ ئەنجامدەدەم و سەرنجی خۆمیشی لەسەردەنووسم و پاشان وەك بەرهەمێ هەردوو پێکەوە بلاویدەکەینەوە. بەلام ئەم خواستە سەرناگرێ و بەمەرگی لاکاتۆس ئەو پڕۆژە هاوبەشە هەلدەوەشێتەوە.

**بەرهەمهێنانی ئێپستمۆلۆژیاێ ئەنارکیستی**

فەیلەسووفی ئەمەریکی ریکارد رورتی بەچەند دێڕێ فایرەبەندمان بۆ پێناسەدەکا کە ئەو پێناسەیەش لەسەر بەرگی دواوەی کتێبی ""کوشتنی کات""کەی فایرەبەند , کە لەلایەن زانکۆی شیکاگۆوە چاپکراوە, بەمشێوەیە نووسراوە :
"" فایرەبەند نۆرمان مێلەری فەلسەفەیە. پرشینگدارە, ئازایە, سەرچڵئامێزە(موغامیرە), ئەسیلە( ئۆرژینالە) و سەیرە"".بەلام ئەم پێناسەیە بۆ گشت ئەوانەی فایرەبەندیان خوێندۆتەوە پەسەندکراو نییە و بگرە جێی گومان و ڕاڕاییشە. بەلام لەبڕی گشت ئەوانە ئێمە دەڵێین فایرەبەند ,کە قوتابی پۆپەر بووە و دواتر تێزەکانی لە بواری فەلسەفەی زانست بەپێچەوانەی تەوژمی ڕاسیۆنالی مامۆستاکەی کاریکردووە, دەرگای لەو دێباتانە (گفتوگۆیانە) لە بواری مێژووی فەلسەفەی زانست کردۆتەوە کە گەلێ لەهاو نەوەکانی جورئەتیان نەکردووە خۆیان لەقەرەی بدەن.
بۆئەوەی لە سەفەری ئەنارکیستی فەلسەفەی زانستی ئەم بیریارە بگەین بەپێویستی دەزانین بچینەسەر یەکێ لەو کارە فەلسەفییە زانستیانەی لەمڕەوە لەژێر ناوی "" دژ بە مێتۆد"" نووسیویەتی کە ڕیزێ لێکۆلینەوەن لەسەر بناغەی فەلسەفەێ مێژوویی زانست ئەنجامدراون. ئەوی فایرەبەند لە کتێبی "" دژ بە مێتۆد"" ,کە لە سالی 1975 چاپی یەکەمی لە لەندەن هاتۆتەدەر(1), کاری بۆ دەکا کۆششێکە دەشێ هەر لەسەر زاری خۆیەوە ناونرێ کۆششێ ئەنارکیستی (فەوزەوی) کە بەخۆی وێرانکارییێکە لەسەر شێوازی فایرەبەندی یان بەواتای تر ئامانجی ئەم بیریارە زانستییە ئەوەیە کە ڕەخنەێ توند لە مێتۆد و پیاوانی زانست بگرێ.هەروەها لەو ڕەخنانەش کە دەیگرێ ئەو تیۆریانەش بەرشالاوی ڕەخنەی خۆی دەخا کە سەرچاوە لە تیۆریێ پۆزەتڤیستیەوە هەلدەگرن ,کە بەخۆی ئەمەیان هەنگاوی سەرەکیی پرۆژەی ئەم کارەیەتی, و هەروەها لەو بەرهەمەدا ئامانجی بنەڕەتی زانستیش ڕووندەکاتەوە و سەرنج لەسەر گەلێ لە کاری تیۆریزەکەرە زانستیەکانی سەدەی هەڤدە و هەژدەی زاینیش دەدا.
بەخۆی ئەوەی لە کتێبی نابراوی فایرەبەند دا ووتراوە بێ بناغە و بێ ئامانج نییە و کۆلێ لە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی تیایە کە هەموو ئاماژەن لەسەرئەوەی ئەم بەرهەمە ڕاڤەکردنە بۆ گەلێ لە وێناکردن و تێز لەبواری فەلسەفەی زانست. هیچ دوورنەڕۆین فایرەبەند جگەلەوەی لە دەروازەی کتێبەکەی ئامانجی لە نووسینی ئەم بەرهەمە ڕووندەکاتەوە بەلام پاشان و دوای تێپەڕبوونی سالانێ بەسەر دەروازەی چاپی یەکەمی کتێبەکەی لەو پێشەکیەی بۆ چاپی چینی کتێبی ""دژ بە مێتۆد"" نووسیویەتی بەئاشکرا سەرلەنوێ ئامانجی خۆی لە نووسینی ئەو کتێبە دەستنیشاندەکاتەوە:
"" ئامانجی سەرەکیم لە نووسینی ئەم کتێبە هیۆمانی بووە نەك ڕوناکبیری. ئەوەی من دەمەوێ ئەوەیە کە پشتگیری خەلك بکەم نەك زانینیان باشتربکەم""(2000, لاپەڕە 19). ئەم ئامانجەش بۆ ئەوانە گومڕایە کە بۆچوونەکانی فایرەبەند بێناوەڕۆك و شاشدەبینن. یان بەلای کەمەوە فایرەبەند زۆر ڕاشکاوانە مێتۆدی دژە مێتۆدی خۆی ڕووندەکاتەوە و مەبەستی تیۆریی و ئەکادیمی کارەکەی بۆ گشت خوێنەرانی خۆی ڕاڤەدەکا. بالەبیریشمان نەچێ ئەم بیریارە نەمساویی-ئەمەریکیە لەو یەکەم دەروازەیەی بۆ کتێبی ""دژ بە مێتۆد"" ی نووسیوە ئاماژە بەوەدەکا کە"" ئەم کتێبە لەسەر ئەو بڕوایە نووسراوە کە هەتا ئەگەرەکو ئەنارکیزم بگرە فەلسەفەیەکی سیاسی زۆر سەرنجڕاکێشیش نەبێ وەلی لەوە گومانناکرێ ئەم بەرمەهە بۆ ئێپستمۆلۆژی و بۆ تیۆری زانست دەرمانێ مەزن نەبێ"" (2000, لاپەڕە 25).
وێرای ئەوە, بۆئەوەی پتر لەبارەی ئەندێشەی ئەم کتێبەوە بدوێن ئەوا دەچینەوە سەرزاری خودی فایرەبەند کە پێیوایە نووسینی ئەم کتێبە بۆئەوە بووە تا مرۆڤ لەو ستەمە ڕزگارکا کە لەلایەن تاریکگەرافەلسەفیەکانەوە و بەهۆی واتا ئەبستراکتەکانی وەك ڕاستی, ئۆبژێکتیڤێ و ڕیالیتێوە دروستدەبن.
لەهەمانکاتدا دەشێ بووترێ لە جیهانی تیۆری زانینی ئانگلۆساکسی(ئەمەریکی- بەریتانی) کە لە سەدەی بیستدا دەسەلاتی بەرچاویخۆی لە نێوەندە ئەکادیمیکانا هەبووە ئەنارکیزمی زانستی فایرەبەند شانبەشانی تیۆری زانینی (تیۆری پاڕادایمی )کۆهن و ڕاسیۆنالیزمی ڕەخنەیی پۆپەر شوێنی دیاریکراوی خۆی هەبووە و کاریگەری بەسەر تیۆری زانینی سەدەی بیست گفتووگۆئامێزبووە. ئەم سێ ئاڕاستەیە لەناو تیۆری زانینی ڕۆژئاوا گرنگی خۆیان هەیە و ڕۆلێ زۆریشیان لە گۆڕینی ترادیسیۆنی تیۆری زانست لە ولاتانی ئانگلۆساکسی دیووە و لە کۆلێژەکانی فەلسەفەش لە ولاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی دەخوێنرێن. بەلام لەگەل گشت هاوشێوەیەك کە لەنێوان بیریارانی فەلسەفەی زانستی دژ بە ئاڕاستەی پۆزەتڤیزم هەیە فایرەبەند توانیویەتی جۆرە سادەیێکی زانستی لە ڕونکردنەوە ئێپستمۆلۆژیەکانی بەکاربەرێ ئەو سادەیەتیە کارێ ئەوتۆی کردووە کە توێژینەوەکانی لەو شێوازانە دورکەوێتەوە کە بەشێ زۆر لە فەیلەسوفانی زانست کاری لەسەردەکەن. بەلام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە فایرەبەند شێوازێ نوێی هێناوەتە کایەوە یان بەلگە و سەلمێنەی نوێی پێشکەشکردووە. لەسەر قسەی خۆشی ئەو ئیدیایانەی فایرەبەند دەیکا بە گروندێ بۆ ئارگومێنتەکانی نوێ نییە. چونکە ئەم فەیلەسوفە ئەنارکیستیە پێیوایە ڕوونکردنەوەکان بۆنموونە بۆ زانینی زانستی ڕۆشنایەکە بۆ کاری فیزیاکارانێ وەك ماخ, بلۆتزمان, ئەنیشتاین و بۆهر(2000, لاپەڕە 8). بەلام فایرەبەند پێدەچێ حەیف بۆ ئەوەبخوا کە چۆن ئیدیای ئەو بیریارە گەورانە لەلایەن نیوپۆزەتڤیستەکان و کلیسەی ڕاسیۆنالیزمی ڕەخنەیی شێوێنرا. ئەو شێواندنەش بەوەدەچێ تاڕادێ کەمکرابێتەوە ئەوەش بەبێگومانەوە بەهۆی نەوەی پاش پۆپەریەکانەوە کە تەنیا فایرەبەند ناگرێتەوە بەلکو کەسانێ تریش دەگرێتەوە بۆنموونە کۆهن و

لاكاتۆس. فایربەندیش لەمڕووەوە دان بەوەدەنێ كە چۆن لەپاش كۆهنەوە لاكاتۆس بەهۆی تیۆریێ ڕاسیۆنالی ئالۆز و زۆر بایەخدارەوە ئەو شێواندنە دوودەخاتەوە. فایرەبەند پێیوانیە كە ناوبراو (واتە لاكاتۆس) سەركەوتوو بووبێ لەوەی ئەوە بكا. بەلام لەهەمان كاتیشدا جەغت لەوەشدەكا ئەو هەولەی لاكاتۆس دواتر بەسەختی بایەخداركرا و هەروەها ئەو هەولە ئاكامهایەكی بایەخداری لەبواری تیۆری زانست هێنایەكایەوە و و بووشە هۆی دروستكردنی دیدی نویێ لەبارەی سنووردارکردنەكانی عەقلەوە (2000 , لاپەڕە 8). ئەم لایەنە بەخۆی ئاماژەیە لەسەر ئەوەی كە فایرەبەند دەیەوێ خۆی وەك ڕەخنەگرێ لە مێژووی ڕاسیۆنالیزم لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەرخا. ئەم لایەنەش لە بیری فەلسەفەی زانستی فایرەبەند ,ئەلبەتە كۆهنیش, بناغەێ تیۆری خۆی داكوتیووە.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە كە , لەكاتی خوێندنەوەی ئەم كتێبە مرۆڤ هەر زوو هەست بەوەدەكا كە ئەم فەیلەسوفە بایەخ بە توێژینەوە دەدا بەلام ئەم بایەخدانەی بەجۆرێ جیایە لەنەوەی خۆی. جیایەكەشی بەوشێوەیەیە كە توێژینەوە بۆ فایرەبەند بەو مانایەدێ كە دەبێ توێژەرەوە لە گشت ڕێسا و یاسایێ ئازاد بێ. چونكە ئەم ئازادیە گەر فەراهەمنەكرێ ئەوا ئەو ڕێسا و یاسایانە بەباوەڕی فایرەبەند دواتر دەبن بە ڕێگر لەبەردەم توێژینەوەكە. نەك هەر ئەمە بەلكو فایرەبەند بەوریاییەوە لەم بەرهەمەیدا لەلایێ داكۆكی لە توێژینەوەیەك دەكا كە لەسەر بناغەی " " گشت شتێك باشە" "(2000 , لاپەڕە 29) خۆی بوونیاددەنێ و لەلایێ تر دەرگا لەسەر توێژینەوەێ ئەناركیستی شێوە ئەكادیمی دەكاتەوە.هیچیش دوورناڕۆین ئەوەتا ئەم بیریارە ئەناركیستیە لە دەروازەی كتێبەكەیدا پێناسەێ سەیر بۆ زانست بەردەست خوێنەری كتێبەكەی دەخا كە ماهیەتی گشت تێگەیشتنی خۆی تیابەرجەستەدەكا:

" "زانست لە هەر شتێ گرینگتر چالاكیێ ئەناركیستیە: ئەناركیزمی بەخۆی تیۆریێ پتر هیۆمانیە و بەختێ گەورەشی لەبەردەمە كە گەشە بەهێزكا....... " "(2000, لاپەڕە 25).بەلام دەشێ لەژێر سایەی ئەم تێڕامانە فایرەبەندییە بەدووی پێناسەێ تر بۆ زانست بگەڕێین. واتە زانست جگە لەوەی كە كردەێ ئەناركیستیە, و ئەم ئەناركیستیەش لەلایەن فایرەبەندەوە دەكرێ بە جێگر بۆ كردەێ مورەتەب(مونەزەم) ,دەشێ زانست وەك ئەوەش تەماشاكرێ كە فۆڕمێكە لە زانینێ كۆنكرێت. هەروەها ئەم ئەناركیزمە گەر وەك ئەناركیزمێ پسپۆڕانە تەماشاكرێ ئەوا دەكرێ ئەم ئەناركیزمە وەك دژ بە گشت جۆرێ لە سنووردارکردن لەقەلەمدرێ و , تەنانەت ئەم ئەناركیزمە ئەوەش داوادەكا كە گشت تاكێ بەسەرنج لەبەرچاوگرتنی یاسا و ئەرك و یان بەرپرسیەكان دەشێ خۆی ئازادانە پێشخا. ئەمەو فایرەبەند لە تێكڕای كارەكەشیدا كار بۆ ئەوەدەكا تێزێ سەبارەت بە مێتۆدۆلۆگیێ ئەناركیستی و زانستێ ئەناركیستی هاوشێوە پێشنیاركا. بەلام لەهەمان كاتدا داوای ئەوەشمان لێدەكا نابێ گومانی ئەوەنەكەین كە كەمی بایەخدان بە یاسا و تەنزیم لەبواری زانست و كۆمەلگە , كە دەبێتەهۆی سەرهەلدانی جۆرە ئەناركیزمێ , نابێتەهۆی ڕوودانی كاوس-بێنوزمی- (2000, لاپەڕە 28).

ئەوی مەرجە لێرەدا ئاماژەی پێبكەین ئەوەیە كە , فایرەبەند باس لە ئەناركیزمێ ڕووت(ئەبستراكت)ناكا و هەروەها باس لە ئەناركیزم بۆ ئەناركیزم ناكا بەلكو باس لە ئەناركیزم وەك شتێ زانستی دەكا یان بەقەولی خۆی باس لە ئەناركیزمێ زانستی و ئەكادیمی دەكا.زۆرترین هەولی فایرەبەندیش لەم حالەتەدا بۆ ئەوەیە كە ئەناركیزم وەك جێگرێكی مێتۆدۆلۆژی(ڕێڕەوناسی)پێشنیاركا و كار بۆئەوەكا كە بیكا بە تاكە ڕێسایێ بۆ زانست. كەواتە فایرەبەند زۆر بەئاگاییەوە باس لە ئەناركیزم یان ئەناركیستی خۆی دەكا و هیچوەخت ئەوە ناشارێتەوە كە ئەم(واتە فایرەبەند) ئەكادیمیكەرێ ئەناركیستی نەبێ. بەلام ئەم ئەناركیستیەی خۆی بەجۆرێ ڕووندەكاتەوە كە شیاوی لەبەردەم ئەوەدا ناكاتەوە كە ئەم ئەناركیزمە وەك مێتۆدێ تەماشاكرێ و , هەروەها خوێنەری ئەم باسەش تەنێ دەكارێ لە كۆنتێكستی خودی تێگەیشتنەكانی فایرەبەند لە ئەكادیمیەتی ئەم ئەناركیزمە و ئەو باسەی فایرەبەند لەبارەی ئەناركیستیەتی زانست دەیكا لێبیگا. بەگشتیش فایرەبەند ئەو جورئەتەشی تیایە كە نایەوێ زۆر لە خوێنەری خۆیكا زانینێ دیاریكراو هەلبژێرێ. ڕەنگە ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوە بێ كە بۆ فایرەبەند زانینی باش و خراپ بوونی نییە و ئەوەی هەیە ئەوەیە كە تاكە پرنسیپێ ڕاستە ئەوەش پرنسیپی گشت شتێ ڕەوایەیە.

سەیرەكە لەوەدایە. ئەم فەیلەسوفە نەمساوییە وەك ئەناركیستێ ئەكادیمی لەم بەرهەمەیدا نایەوێ دان بە سێركردنی ئەو پیاوانەی زانستی ڕۆژئاوا بهێنێ كە بناغەیان بۆ ئەو جۆرە ڕوونكردنەوانە داناوە كە زانین ڕاستیێ هەمیشەییە یان تیۆرییە زانستیەكان ڕەهان و ئەم ڕەهایەش توانیوویەتی هەقیقەتێ هەمیشەی پێكبهێنێ. بۆ ئەم ناشێ ئاوا بڕوانرێتە زانست و زانین و تەنانەت ڕاستیش .چونكە ئەوی زانست دەماندانێ ڕاستیێ ڕەها و گەردوناوی و هەمیشەیی نییە بەلكو ڕاستی و زانینێ كاتی و سەرپێی و لۆكالییە. لەم ڕوەشەوە دەكرێ سێركردنێكی فایرەبەند بەسەركەینەوە كە تایبەتە بە فەلسەفەی هەلوەشانەگەرییەوە. بەباوەڕی فایرەبەند یەكێ لە باشیەكانی هەلوەشانەوەگەریی(لێرەدا مەبەستی درێدایە) ئەوەیە كە ڕاستییە گشتییەكانی فەلسەفەی هەلكۆلیووە و لەوێشەوە وایكرد كە والەخەلككا بیركەنەوە (2000, لاپەڕە 15) بەلام حەیف بۆئەوەش دەخوا كە چۆن ئەوە زۆر كاریگەرنەبووە و تەنانەت بۆ ئەوانەش كە لێیگەیشتوون. هەر سەبارەت بەم لایەنە ئاماژە بەوەشدەكەین كە فایرەبەند جەخت لەوەدەكا كە ئەركی پیاوانی زانست بۆلەمەولا بریتی نییە لە دۆزینەوەی ڕاستی , ستایشكردنی یەزدان , سیستەماتیكەكردنی سەرنج و یان باشكردنی پێشبینی (2000 , لاپەڕە 35 ). پێدەچێ ئەم ئەركە

بۆلەمەولا بۆ فایرەبەند بریتی بێ لە کوشتنی مێتۆد و هەروەها لە دروستکردنی زانستێ بێ ڕێسا و بێ یاسا. بێماناش نییە گەر لێرەدا ئاماژە بە بۆچوونی تیۆریزەکەرێ زانستی وەك ئالان شالمرز بدەین کە پێیوایە ئەوی فایرەبەند لەو کتێبەدا دەیکا ئەوەیە کە ئەو تێگەیشتنەی لەسەر زانست هەمانە وەك خۆی نەمێنێ و ئەو تێگەیشتنەشمان لادروستدەکا کە مێتۆدۆلۆژیاکانی زانست ناتوانن زانیاریمان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانمان بدەنێ. هەروەها بەپێی بۆچوونی شالمرز ناوبراو جەغت لەسەر ئەوەشدەکا کە کارێ بێ فیرۆیە کۆشش بۆ ئەوەبکەین زانست بکەین بە هەندێ ڕێسای مێتۆدۆلۆژی سانا ئەلبەتە ئەمەش لەبەرئالۆزی مێژووی زانست(2). ئەم لایەنە تائەندازەێ زۆر پێوەندی بەوەوەیە کە بە پێی تێگەیشتنی فایرەبەند ئەو مێتۆدۆلۆژیایانەی هەبوونە نەیانتواتیوە بە بەوەبگەن زانست چییە. ئارگومێنتی سەرەکی ناوبراویش لەم ڕوەوە ئەوەیە کە ئەو مێتۆدۆلۆژیایانە لەگەل مێژووی فیزیا ناگونجێن.

ئەوی فایرەبەند دەیوروژێنێ بۆ مێژووکردانی نەوەی خۆی ,کۆهنی هاوبیری نەبێ, سێرکردنێ نابەجێ و دژە زانست بووە. بەلام بۆ کۆهن و بەشێ لە نەیارانی فەلسەفەی زانستی کارل پۆپەر دۆگما نییە و بەلکو شتێ گومانلێنەکراوە. ئەو ئەنارکیسزمە زانستیەی فایرەبەند بانگەشەی بۆدەکا تەنیا ئەنارکیسزمێ لاوەکی و بێ بناغە نییە بەلکو گەلێ ڕووی هەیە یەك لەو ڕوانەش کە دەکرێ لێرەدا یادخرێتەوە ئەوەیە کە زانست , بەباوەڕی ئێمە , ئەوی ڕۆژئاوا پێیدەنازێ, ىخاتەژێرپرسیارەوە. فایربەند ئەمە تەنیا لەم کتێبەدا ناکا بەلکو لە کارەکانی تریشی دا , بۆنموونە:"" زانست لە کۆمەلگەی ئازاد, 1978"" و "" پایدۆست عەقل,1982"", ئەمە دەکا و بگرە لەو کارانەدا ڕەخنەێ زۆریش لە دۆزی کۆمەلگەی زانست دەگرێ و ئاوڕێ لەلایەنە ئیتیکیەکانیش دەداتەوە.

ئەمانە هەموو لەلاێ و ئەوەی کە فایرەبەند جیاوازیێ ئەوتۆ لەنێوان تێۆرییێك و ئەویتر ناکا و پێیشوایە شتێ نییە کە پێی بووترێ ئەمە زانستە و ئەویتر دژە زانستە لەلایتر. واتە بۆ ئەم(واتە فایرەبەند) جیاوازیکردن لەنێوان زانست و غەیرە زانست بوونی نییە. پاشان تەماشاکردنی فایرەبەند هەر لێرەوە لەگەل زانستکاران و فەیلەسوفانی زانست خۆی جیاناکاتەوە بەلکو فایرەبەند ئەوەش بەرگوێماندەخا کە ئەم تەماشای زانست وەك شتێ خۆبەخۆ و خولقێنەر دەکا و پێشیوایە ئەم زانستە ناکرێ لەلایەن دەزگای کۆمەلگەوە بەڕێوەببرێ. ئەم ئەنارکیستە زانستییە ئاماژە بەوەشدەکا کە زانست تەنیا بالاترین دەسەلاتی نییە بەلکو خۆی وەك کلیسەیەکیش نیشاندەدا. لەهەمانکاتدا ئەوەی فایرەبەند زۆر بەقینەلێی لە زانست ئەوەیە کە تێۆری لەگەل فاکتەی مێژوویی زانست ناگونجێ. بەپێی ئەو لێکدانەوانەش بۆ مێژووی گەشەی زانست کردوویەتی جەغت لەوەدەکا کە پەرەسەندنی زانست یان زانین هێلێ ڕاستەقینە نییە و تاکە ڕێگاێ یان تاکە مێتۆدێ دیاریکراو ناتوانێ پەرەسەندنی زانین مسۆگەرکا. لەهەمانکاتدا پێ لەسەرئەوەشدادەگرێ, جیاوازیێ ئەوتۆ لەنێوان زانست و فۆڕمەکانی تر لە تێگەیشتن نییە. ئەمە بەخۆی جۆرە یەکلاکردنەوەیەکە لەگەل دیدی زانستی پۆزەتڤیزم کە لەم کتێبەدا فایرەبەند سەرقالیەتی. هەروەها ئەم سەرقالییەی فایرەبەند تاکلا نییە و تاڕادەێ زۆر لە سەدەی بیست هەلوێستێ سەرەکی فەیلەسوفە پۆپەریانیەکان بووە کە ئەمەش بۆتەهۆی پێکهێنانی ئێپستمۆلۆژیاێ دژ بە پۆزەتڤیزمی لۆژیکی.

هەر سەبارەت بەو لایەنەی سەرەوە ئەوەش دەلێین کە بەپێی دیدی فایرەبەند ئەوەی پێوەندی بە تێۆری و فاکتەوە هەیە ئەوەیە کە تیۆری لەگەل گشت فاکتەێ هاوکۆك نییە. ئەمەش بەزۆری بۆ خودی تیۆری ناگەڕێتەوە بەلکو بۆ فاکتە. پاشان تیۆریەکان نەك هەر لەگەل تیۆریەکانی تردا یەکانگیر نین بەلکو لەگەل ئەزموون و سەرنج و فاکتەکانیشدا یەکانگیرنین.

سەربارى ئەوەی ووترا, بۆ فایرەبەند فاکتە لەڕووی مێژووییەوە شتێ ڕێژەییە و تەنانەت ناشخوازێ ئێمە زۆر بیر لە فاکتە بکەینەوە نەك هەر ئەوە بەلکو باس لەوەشدەکا کە فاکتەکان هەرگیز پێڕەوی ڕێسای گەردوناوی ناکەن و ئەمەش وەك ئەوە باسدەکا کە لەوبارەیەوە ئارگومێنتی مێژوویی و لۆژیکی لەئارادایە. ڕەنگە بۆ ئەو هەر ئەمەش وادەکا فاکتەکان بە تیۆرییەوە وابەستەنەبن. تەنانەت فاکتەکان ناشێ بە مێتۆدێ دیاریکراویشەوە خۆیان ببەسنەوە. وەلی ئەوەی لەم خالە زۆر گرینگترە سەبارەت بە بیری فایرەبەند سەبارەت بە فاکتە دەستنیشانکرێ ئەوەیە کە تیۆری لەگەل فاکتە هاوتا نییە و ئەو هاوتانەبوونەش بەپێی دیدی ئەو دەبێ بەهۆکارێ بۆ ئەوەی بیرلەوەکرێتەوە تیۆری تر داهێنین. بەخۆی فایرەبەند نەك هەر دژی ئەوەیە کە نەك تیۆری لەگەل فاکتە نابێ هاوشانبێ بەلکو تیۆری لەگەل یەکدیشدا ئەم هاوتاییەی نییە(2000, لاپەڕەی 40).

هەر سەبارەت بەم لایەنە دەشێ ئاماژە بەوەشکرێ کە فایرەبەند دژی ئەوەیە باوەڕمان بەوە هەبێ کە هێپۆتێزە (گریمانە) نوێیەکان لەگەل تیۆریەکان هاوشانن. بۆیە ئەم بیریارە لەگەل ئەوەدایە کە تیۆریێ زۆر ىخولقێنین.

ئەمەش بەکارێ باش دەزانێ بۆ زانست و پێچەوانەکەی بەکارێ هەلە لەقەلەمدەدا, واتە هاوشێوەیکردن لەنێوان تیۆریەکان. ئەوەش دیسانەوە لەبەرئەوەی ئەم لایەنە توانای ڕەخنەیی تیۆریەکان خراپدەکا نەك هەر ئەوە بەلکو ئەم هاوشێوەیکردنە لەنێوان تیۆیریەکان توانای ئازادی تاکەکەسیش تێکەدەدا(2000,لاپەڕە 38).

ئەوی ""دژ بە مێتۆد"" ىخوێنێتەوە هەستبەوەدەکا چۆن فایرەبەند پشتگیری لە بیرۆکەی "" گشت شتێك ڕەوایە"" دەکا و ئەوەش پەسەنددەکا کە هیچ شتێ خراپ یان باش نییە و هەروەها گشت شتێکیش بەراووردئامێز نییە.

ئەمەی فایرەبەند بۆیدەچێ بەتایبەت کاتێ دەڵێ"" گشت شتێك ڕەوایە"" پرسیارێ ئیتیکی دێنێتەپێشەوە کە گەڵێ لەوانەی ئەم بەرهەمەیان خوێندۆتەوە پێیقەلس دەبن. بەلام ئەمە تاکە ئەلتەرنەتیڤێکە کە فایرەبەند بەهۆی ئەو ئێپستمۆلۆژیا ئەنارکیستیەی لەو کتێبەدا بەردەستمانی دەخا داکۆکیلێدەکا.

ئەوەی بۆ فایرەبەند گرینگە ئێمە لەبەرچاویبگرین ئەوەیە کە دەبێ ڕوو لە پلوڕالیزمی مێتۆدۆلۆگی و تیۆریی بکرێ ئەمەش ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە لەو ڕەهاییە بێینەدەرێ کە مێتۆد دروستی دەکا پاشان پێدەچێ ئەم فەیلەسوفە بۆئەوە بچێ کە بەهۆی ئەم پلوڕالیزمەوە دەسەلاتی زانست ,یان باشترە بووترێ ڕەهایەتی زانست بشێ لاوازکرێ. وێرای ئەوە, ئەم کتێبە هەر لەناونیشانەکەیەوە دیارە فایرەبەند دەیەوێ باس لەوەکا شتێ نییە بۆ لەمەولا ناوی مێتۆد بێ و تەنانەت مێتۆد ناشبێ بە هۆیێ بۆ نەشونما.

ناوی سەرەکی کتێبەکەی فایرەبەند هەروەك ووتمان ""دژ بە مێتۆد""ە بەلام ناونیشانی لاوەکی کتێبەکە بەمجۆرەیە :"" وێنەکردنێ بۆ تیۆرێ زانینی ئەنارکیستی"" کە لەڕاستیدا ئەم ناونیشانە لاوەکییە ڕۆشنایێ تر دەخاتە سەر ئەندێشەی خوێنەری ئەم بەرهەمە. چونکە بەهۆی ئەو ناونیشانە لاوەکیەوە فایرەبەند دەیەوێ خۆی بەتەواوەتی وەك تیۆریزیکەرێ زانینی(ئێپستمۆلۆژێ) ئەنارکیستی بەیانکا. ئەمەش بەوەدەچێ فایرەبەند ویستوویەتی تەنێ بەوشێوەیەی دەرکی پێدەکەین نەك شێوەێ تر ئەوەی دەیەوێ بیلێ و لە بیری فەلسەفەی زانستی نوێدا بەرجەستەیبکا. واتە ئەمە تاکە ڕێگایەکە لەبەردەم فایرەبەند بۆ هێرش کردنەسەر مێتۆد. هێرشی فایرەبەندیش بۆسەر مێتۆد ,بۆ سەر ئەو شتەی ستاتۆسی خۆی بەهۆی زانستەوە وەرگرتووە پەرچەکردارێ ڕەخنەیی لەنێو بیریارانی نەوەی خۆی تاسالانێ پێکهێنابوو و , بگرە تائەمڕۆش لەنێوەندی زانستی تیۆری لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا دێیاتی لەسەرە . ئەمەش نەك هەر بۆ ناسینی بیری فەلسەفی تیۆری فایرەبەند بەلکو بۆ گەیشتن لەو تێزانەش کە فەیلەسوفانی زانست لە سێ و چوار دەیەی پێشوو کاریان لەسەرکردووە و پاشان ئەو نەوەیەش کە بە پۆپەریی و دژە پۆپەریەکان ناسراون. بەپێی بۆچوونی تۆماس براندت ,وەرگێڕی سویدی کتێبەکەی فایرەبەند, هەندێ جاریش تێکستەکانی فایرەبەند وەك یارمەتیێ بۆ ئیدیالیزمی مۆدێرن لە فۆڕمی کۆنستروکتیڤی کۆمەلایەتی, وەرچەرخاندنی زمانەوانی, وەرچەرخاندنی کولتووری, پۆست مۆدێرنیزم و... هتد بەکاردەبرێ.لەلایێتر فایرەبەند بەهۆی ڕەخنەکانی لە ڕاسیۆنالیزم بواردەکاتەوە لەبەردەم تیۆریەکانی تری زانست و شێوازێ بۆ گەیشتن لە جیهانی مۆدێرن (3). بەلام هەر بەپێی بۆچوونی ئەم وەرگێڕە ئەمە ئەوە ناکەێنێ کە گشت زانینێ باش بێ یان خراپ یاخود زانست تەنیا گێڕانەوەیەکە لەنێو گێڕانەوەکانی تر.بەلام دەبێ لەوە بەئاگابین کە فایرەبەند نایەوێ وا هەستکەین کە مێتۆدۆلۆگیاکان بێ سنوور و تخووبن. لەهەمان کاتیشدا ناشێ لەم سنوور و تخووبە بە هەلەبگەین. چونکە لای فایرەبەند ئەو سنوور و تخوبەش بریتی نییە لە دامەزراندنی ڕێسا و یاسای توووند و یان هەول بۆ بەستنەوە و دەستەمۆکردنی بیری زانستی. ئالێرەدا فایرەبەند تەنیا باس لە کراوەیی و جۆراوجۆری تیۆریی و مێتۆدۆلۆگی ناکا بەلکو باس لە پرنسیپێ نرێش دەکا کە بەرهەمی باوەڕی ئەنارکیستی خۆیەتی کە ئەوەش ""گشت شتێك ڕەوایە""یە (2000 , لاپەڕە 33).

لەڕاستیدا ئەم پرنسیپەی فایرەبەند بەیانیدەکا پرنسیپێ جیایە و لەگشت کات و بارێ دەیخوا هەروەها ئەم پرنسیپە تیۆرێ لەبارەی زانینەوە دێنێتەکایەوە کە دەشێ ناونرێ تیۆری ئەنارکیزم. بە باوەڕی ئێمە ئەم هەنگاوەی فایرەبەند تا ئەو شوێنە پەسەندکراوە دەیەوێ لەوە دلنیامانکا چ جۆرە دید و وێناکردنێکمان لەسەر سروشتی زانستی نوێ و واتا و ئامرازەکانی هەیە هەروەها تیۆرییە نوێکان لەبارەی زانستەوە چی بەرهەمدێنن. لەو بەشەی کە فەیلەسوفی زانستی ئوسترالی ئالان شالمرز لە کتێبی "" ئەوە چییە پێیدەووترێ زانست؟"" لەبارەی فایرەبەند نووسیوویەتی ئەوەمان بۆڕووندەکاتەوە کە چۆن فایرەبەند دژی ئەو ئارگومێنتانەیە کە لەبواری فەلسەفەی زانست بانگەشە بۆ ئەوەدەکەن کە زانست بەپێی یاسا و ڕێسای جێگیر و نەگۆڕ ڕێکدەخرێ. بەلام هەر لەم ڕوەوە فایرەبەند, بەپێی تێگەیشتنی شالمرز , وایبۆدەچێ کە تەنانەت ئەگەر مێتۆدێ نەگۆڕ و تایبەت بوونی هەبێ ئەوا تەنیا مێتۆدی""گشت شتێك ڕەوایە""یە (بڕوانە شالمرز, 1995).

لەڕاستیدا پێویستە لێرەدا ئاماژە بە سێرکردنێ تری فایرەبەند بۆ زانست بکرێ ئەمەش لەبەرئەوەی فایرەبەند لەگەل گشت پێشەکی یان دەروازەێ تازە کە بۆ کتێبی "" دژ بە مێتۆد"" نووسیویەتی گۆڕانی هێناوەتە سەر گەلێ لە دید و ئاخاوتنەکانی سەبارەت بە زانست و , یان لەبەرڕۆشنایی گەشەی زانست و کاریگەریەکانی زانستی نوێی ڕۆژئاوا بەسەر کۆمەلگەوە پێناسەی تری بۆ زامست قووتکردۆتەوە و ڕوونکردنەوەی تری لەوبارەیەوە بەردەستخستووە. ئەوەتا لەو دەروازەیەی لە سالی 1987 بۆ چاپی نوێی ""دژ بە مێتۆد"" نووسیویەتی بەمجۆرە لە زانست دەدوێ:

""لەلاێ زانست دەتوانێ لەسەر قاچی خۆی بوەستێ و پێویستی بە یارمەتی ڕاسیۆنالیستەکان ,هیۆمانیستە سیکۆلاریستەکان, مارکسیستەکان یان بزووتنەوە ئاینیە هاوشێوەکانیان نەبێ و لەلایێتر کولتوورە نازانستیەکان, مێتۆدەکان و بڕواکان دەتوانن لەسەر قاچی خۆیان بوەستن و بشێ ئەوە بکەن کە ئەوە ئاواتی پێشوویان بووە""(2000 ,لاپەڕە 8). بەلام ئەمە دوا هەلوێستی فایرەبەند نییە سەبارەت بە ستاتۆسی زانست.چونکە

""دەسەلاتی زانست بۆ فایرەبەند دیاردەێ کۆمەلایەتیە نەك تیۆری"" (4). هەر لەو پێشەکیەش کە بۆ چاپی نوێی کتێبەکەی خۆی نووسیویەتی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە زانست"" پێویستە لە ئایدیۆلۆژیا بپارێزرێ و کۆمەلگەکانیش, بەتایبەت کۆمەلگە دیموکراسیەکان, پێویستە لە زانست بپارێزرێن""( 2000 ,لاپەڕە 8). ئەم بۆچوونەی فایرەبەند مەرجە لە کۆنتێکستی تیۆری کتێبەکەی و سەرجەم بیری فایرەبەند بۆ زانست ببینرێ. ئەگینا سەختە لەوە بگەین کە بۆ دەبێ کۆمەلگە دیموکراسیەکان لە زانست بپارێزرێن. بابزانین لەم ڕووەوە فایرەبەند چیمان پێدەلێ:

""ئەوە مانای ئەوە نییە کە پیاوانی زانست ناتوانن سوود لە وانەی فەلسەفی وەرگرن یان مرۆڤایەتی هەرگیز ناتوانێ سوود لە زانستەکان وەرگرێ{....} بەلکو لە دیموکراسیدا پێویستە دامەزراوە زانستیەکان , پرۆگرامی توێژینەوە و پێشنیار کۆنترۆلی ڕەسمی ئەنجامبدەن. دەولەت پێویستە لە زانست جیاکرێتەوە هەروەك ئەوەی کە دەولەت لە دامەزراوە ئاینیەکان جیاکرایەوە و , زانست پێویستە وەك شێوازێ لە گەلێ لە شێوازەکان تر نەك وەك تاکە ڕێگاێ بۆ ڕاستی و ڕیالیتێ بووترێتەوە""(2000 ,لاپەڕە 8).